وەزیری دەرەوەی ئێران ڕێتی دەکاتەوە هیچ شاندێکی دانوستانکاریان بە عوممان نارد بێت



وەزیری دەرەوەی ئێران، ڕێتی دەکاتەوە هیچ شاندێکی دانوستانکاریان بە عوممان نارد بێت.

چوارشەممە 18ـی حوزەیرانی 2025، عەباس عراقچی، وەزیری دەرەوەی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا، ڕایگەیاند: من بە سەرکایەتی شاندێکی دانوستانکار، تارانم جێ نەهێشتووە.

دەشڵێت: هیچ شاندێکی دانوستانکاریشمان بە عوممان نەناردووە، ئەو هەواڵانەی لەو بارەیەوە باو کراونەتەوە ڕاست نین.

هەروا ئاژانسی هەواڵی ئیرنا، لە زاری ئیسماعیل بەقایی، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، باوی کردەوە، ئەو هەواڵەی کە ڕاگەیەندراوە باوی کردووەتەوە لەبارەی چوونی شاندی دانوستانکاری ئێران، بە عوممان ڕاست نییە.